## ئامانج غازی:

# میوزیک جیهانێکی جەنجاڵ بەرەو کەنارەکانی ئارامی و هێمنی ڕۆح دەبات

**ئامانج غازی نموونەیەکی بەرزە لە تێکۆشەرانی بواری مۆسیقا سیمبولێکی جوان بۆ جوانییەکانی ئەو بوارە گرنگە و، خاوەنی خزمەتێکی گەورەی گەورەتر لە گەورەییە، گەر بەراوردێک لە نێوان تەمەن و کارە مۆسیقییەکانیدا بکرێت مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت، کە لە تەمەنێکی وا کارگەلێکی وا دەبینێ کە بۆ خۆی واتای بەشێک لە لاپەڕە هەرە جوانەکانی دیرۆکی میوزیکی کوردی دەبەخشێت. ئەو هەموو کارو بەرهەمە جوانەش بۆ ئەو هەوڵ و دڵسۆزییە بێوێنەییەی ئامانج غازی دەگەڕێتەوە کە بە بێ ماندوو بوون لە خزمەتی مۆسیقا بەجێی گەیاندوون. بۆیە هەموو کاتێک لە سیماو کارو چالاکییەکانی دا خەمخۆری و تامەزرۆیی بۆ دروست بوون کۆکردنەوەو داڕشتنەوەی مۆسیقای کوردی بە شێوازێکی زانستیانە دەبینرێ و دەخوێندرێتەوە.**

**ماوەیەک بەر لە ئێستا مامۆستا ئامانج لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکەدا وەکو شاندێکی هونەری بەرەو دەرەوەی وڵات بەڕێکەوتن، بۆ گەیاندنی جوانی و تایبەتمەندییەکانی هونەرو مۆسیقای کوردی بە دنیای دەرەوە هەر بۆیەش فایلی هونەری هەفتەنامەکەمان دیمانەی ئەم ژمارەیەی تەرخانکرد بە چاوپێکەوتنی مامۆستا ئامانج غازی.**

**دیمانە/ رزگار ڕەزا چوچانی**



گەرچی مامۆستا ئامانج ناوێکی مەزن و دیارو هەرە ئاشنایە بەسەرجەم هونەردۆستان، بەڵام وەکو بیرهێنانەوەیەک لە سەرەتاوە بە خێرایی چاوێک بە ژیان و چالاکی نامەکانیدا دەخشێنین:

* ئامانج غازی لە ساڵی ١٩٦٥ لە (ڕواندز) لەدایک بووە.

* ١٩٧٣ لە تیپی (سروود)و (گۆرانی) قوتابخانەی پاشای گەورە بووە.

* ١٩٧٧ لە سەر دەستی هونەرمەند (زرار محەمەد مستەفا) فێری مۆسیقا بووە.

* ١٩٨٠ چووەتە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی موسڵ (بەشی میوزیک).

* ١٩٨٥ بەیەکەم دەرچووە لەسەر هەموو بەشەکانی پەیمانگە.

* ١٩٨٦ لە ئەکادیمای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوە، بەڵام لە بەر نالەباری ڕەوشی عیراق دەوامی نەکردووە.

* (٢٨) ئاوازی جۆراو جۆری هەیە بۆ هونەرمەندان (هاوتا ئەسعەد، وەلی دۆسکی، ئەحمەد محەمەد شەریف، ماهیر محەمەد ئەمین، زیرەک محەمەد ئەمین).

* (٨) گۆرانی گەورەی هەیە.

* دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێرو ئۆرکسترای کوردستانە.

* (١٢) ساڵ مامۆستای بەشی موزیک بووە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر.

* ئێستا قوتابییە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین.

* (بەڕێوەبەری کەلوپووری کورد)ە، لە وەزارەتی ڕۆشنبیری.

* موزیکی بۆ (١٢) شانۆگەری و (٦) فیلمی دیکۆمێنتی و سینەمایی داناوە.

* کاری دابەشکردنی هارمۆنی بۆ (٤٠) گۆرانی و ئاوازی جۆراو جۆرکردووە.

* خاوەنی درێژترین گۆرانی کوردییە کە بەبۆنەی (کۆڕەوەکە) لە هەولێرو سلێمانی نمایش کراو ماوەکەی (٤٥) خولەک بوو.

* بەدەر لە هونەری مۆسیقا خاوەنی قەڵەمێکی زێڕینەو لە ڕێگەی نووسینی بابەتی هونەرییەوە خزمەتی بە هونەری کوردی کردووە.

سەرەتا لە بەڕێز مامۆستا ئامانج غازیمان پرسی

**⁕ بەڕێزتان بە چ مەبەستێک و لە چ ڕێگایەکەوە سەفەری دەرەوەتان کرد؟**

– ئێمە لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراوی (ستادی لامیوزکی فەرەنسی) و لە ڕێگەی هونەرمەند (بارزان یاسین) داوەتی هەر سێ وڵاتی (فەرەنساو سویسراو ئەڵمانیا)کراین و بەپشتگیرییەکی تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشنبیری.

**⁕ لە چوونە دەرەوەتان و لە کاتی ئەو نمایشانەی لە دەرەوە ئەنجامتان دا چۆن لەو جەماوەرەی دەرەوە گەیشتن و ئەوان چۆن لە کارەکانی ئێوەیان ڕوانی؟**

– لە دەرەوە جەماوەرمان بینی کە چۆن چێژی هونەری لای ئەوان گەیشتۆتە ترۆپکی داهێنان، ئەوان بە پیرۆزیەوە دەڕواننە رۆڵی هونەرو موزیک، چونکە لەلای ئەوان موزیک دەتوانێ گۆڕانکاری سەرەکی لە بونیادە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگە بکات.

**⁕ کاتێک لە دەرەوە عەرزی کارە هونەرییەکانتان کرد بەدەر لە کوردەکانی دەرەوە، هیچ کەسێکی دیکە بە گرنگییەوە ئامادەی بینینی نمایشەکانتان بوون تا لە نزیکەوە سەرنجیان رابکێشرێ بەلای موزیکی کوردیدا؟**

– نمایشی هەردوو وڵاتی (سویسراو فەرەنسا) تەنها بۆ میوانانی بواری موزیکۆلۆژیاو پەرەپێدانی موزیکی گەلان بوو. نمایشی ئێمە کە هونەرمەندان (عارەب عوسمان و شێرزاد محەمەد حوسێن و جەودەت شاکرو مستەفا ڕەئوف و زرار بەکرو ئومێد باڵەبان و ڕێبوار عەبدوڵا) بوو نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، بریتی بوو لە نموونەی (حەیران و لاوک) لەگەڵ ژەنینی ئامێرەکانی موزیکی کوردی) هونەرمەند (عارەب عوسمان) بۆ (٣) جار بانگ کرایەوە سەر شانۆ، چونکە شاکارەکانمان شایانی لێکۆڵینەوەوتوێژینەوەی هونەری بوون. بەڵام نمایشی وڵاتی ئەڵمانیاو شاری (نورنبێرگ) تەنها بۆ ڕەوەندی کورد بوو ئاهەنگێکی خنجیلانەی دەستلەملانێی سروشتی کوردستان و بیرەوەرییەکانی ئەوێ بوو.

**⁕ بەراوردت چییە لە نێوان مۆسیقای ئەمڕۆی کوردستان و مۆسیقای ساڵانی پێشوویدا، لە کاتێکدا کە هەمووکات باس لەوە دەکرێ بەرهەمەکانی هونەرمەندانی پێشووی کورد زیاتر بە زیندوویی ماونەتەوە تاکارو بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم سەردەمەو ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– موزیکی ڕەسەنی کوردی لە قورگی هونەرمەندانی (پێشەنگ)ەوە بووە بۆیە دەنگە ڕەسەنەکان هەمیشە لەگەنجینەی کەلەپووری نەتەوایەتی سەرچاوەی گرتووە، میلۆدی و ئاوازەکانی کۆن زێتر فۆلکلۆری و کەلەپوورین لەگەڵ ئەمەشدا